Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.32

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Talat Tahir Hamadali
talat.hamadali@su.edu.krd

# مۆسیقای دەرەوە لە شیعرە کوردییەکانی بێخوددا

**طلعت طاهر حمدعلی** /بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**شیلان نوری جەلیل** /بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :15 /07/2025
ACCEPTED :18/10/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (مۆسیقای دەرەوە لە شیعرە کوردییەکانی بێخوددا) کارەکانی خۆی بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاریی ئەنجامداوە، لێکۆڵینەوەکە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە کێشی شیعرەکانی بێخود دەکۆڵێتەوە و ئەم سەردێرانەی لەخۆی گرتووە(مۆسیقای شیعریی، جۆرەکانی مۆسیقای شیعریی، مۆسیقای دەرەوە، کێش لە شیعری کوردیدا، کێشی خۆماڵی، کێشی عەرووز، کێش لە شیعرەکانی بێخوددا) بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەش لێکۆڵینەوە لە سەروای شیعرەکانی بێخود دەکات و ئەم سەردێرانەی لەخۆی گرتووە (چەمک و زاراوەی سەروا، سنوور و ڕەگەزەکانی سەروا، دەنگەکانی سەروا، پێش ڕەوی، ڕەوی، پاش ڕەوی، سەروای یەکگرتوو، سەروای مەسنەوی) لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک و لە چەند خاڵێکدا پوختمان کردۆتەوە. هەروەها کورتەیەکمان بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکردووە.

**وشە سەرەکییەکان:**
بێخود،
مۆسیقا،
مۆسیقای دەرەوە کێش،
سەروا،
ڕەوی، پاش ڕەوی،
پێش ڕەوی

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**٠/ پێشەکی**

کێش و سەروا دوو بناغەی سەرەکیی هونەری شیعرن و پەیوەندییەکی نەگۆڕیان هەیە بە جۆرێکی کاریگەرەوە لە جوانی و مۆسیقای هونەری شیعرییدا. کێش وەک ڕێگایەکە بۆ شیعر و جوڵە و سەربەستبوونی دەقەکە ڕێکدەخات، لەکاتێکدا سەروا وەک پێکهاتەیەکی میوزیکی کاریگەریی خوێندنەوە و بیستنی شیعر زیاتر دەکات و یەکگرتوویی شیعر ڕوون دەکاتەوە. پەیوەندی نێوان کێش و سەروا وەک پەیوەندی دەنگ و ئامێرێکی مۆسیقایە، کە تێکەڵبوونیان گۆڕانی شیعر دروستدەکات و کاریگەری شیعر لە دڵ و دەرووندا بەهێزتر دەبێت. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە دەمانەوێت بزانین بێخود لە شیعرەکانیدا چ کێش و سەروایەکی بەکارهێناوە.

**١/٠- ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

(مۆسیقای دەرەوە لە شیعرە کوردییەکانی بێخوددا) ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

**٢/٠- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری کارەکانی خۆی ئەنجامداوە.

**٣/٠- سنوور و کەرستەی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە زمانی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست نووسراوە، کار لەسەر مۆسیقای دەرەوە، کە کێش و سەروا دەگرێتەوە کردووە. سنووری کارەکانی دەکەوێتە ناو زانستەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی و شێوازناسیی ئەدەبییەوە. کەرستەی خاوی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیوانی بێخودە.

**٤/٠- پرسیار و گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:**

بەبڕوای ئێمە بێخودی شاعیر لە دیوانەکەیدا زیاتر لە جۆرێکی کێش و سەروای بەکارهێناوە، بۆیە ئێمە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەگەڕێین:

١ – چەند جۆر کێش لە شیعرەکانیدا بەکارهاتووە؟

٢ - چەند جۆر سەروا لە شیعرەکانی بەکارهاتووە؟

٣ – کێشی عەرووز یان کێشی خۆماڵی، کامەیان زیاتر لە شیعرەکانی بەکارهاتووە؟

٤ – سەروای یەکگرتوو یان سەروای مەسنەوی زیاتر لە شیعرەکانی بەکارهاتووە؟

**٥/٠- پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە دووبەش پێشەکییەک و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. بەشی یەکەم ئەم سەردێرانەی لەخۆگرتووە: (مۆسیقای شیعریی، جۆرەکانی مۆسیقای شیعریی، مۆسیقای دەرەوە، کێش لە شیعری کوردیدا، کێشی خۆماڵی، کێشی عەرووز، کێش لە شیعرەکانی بێخوددا) بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەش لێکۆڵینەوە لە سەروای شیعرەکانی بێخود دەکات و ئەم سەردێرانەی لەخۆی گرتووە (چەمک و زاراوەی سەروا، سنوور و ڕەگەزەکانی سەروا، دەنگەکانی سەروا، پێش ڕەوی، ڕەوی، پاش ڕەوی، سەروای یەکگرتوو، سەروای مەسنەوی) لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک و لە چەند خاڵێکدا پوختمان کردۆتەوە. هەروەها کورتەیەکمان بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکردووە.

**١/١- مۆسیقای شیعریی:**

مۆسیقا و شیعر هەمیشە بە قووڵی تێکەڵاوبوون، وشە و مێلۆدی یەکدەگرنەوە بۆ دەربڕینی هەست. مۆسیقای شیعریی هونەری تێکەڵکردنی زمانی لیریکییە لەگەڵ دەنگدا، کە تێیدا کێش و سەروا و واتا بە دەربڕین دەدەن و مۆسیقاکەی بەرزدەکەنەوە. دەکرێت بە چەندین شێوە پێناسە بۆ مۆسیقای شیعریی بکرێت، بە واتای ئەوەی بۆچوونێکی یەکگرتوو لەم بارەوە لە ئارادا نییە، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

عەزیز گەردی لەبارەی مۆسیقای شیعرییەوە لە پەرتووکی (ئەدەب و ڕەخنە ١٩٧٢)دا نووسیویەتی ((ئاوازی هۆنراوە ئەو تام و بۆیە تایبەتەیە، کە لە جەرگەی تاک تاک و دەست لە گەردەنکردنی وشەکانەوە هەڵدەقوڵێ لە ئەنجامی

ڕێکخستن و دارشتنی وشەکان و گۆڕانی جۆری ئەو پیتە بەهێز و خاوانەی وشەکان دروست دەکەن پەیدا دەبێت.))(گەردی، ١٩٧٢: ٧٠) واتە مۆسیقای شیعریی ئەو کاریگەرییە سۆزداریی و مۆسیقییە ناوازەیە، کە شاعیر چۆن وشەکان ڕێکدەخات و یاری بە ڕیتم دەکات و دەنگەکان تێکەڵدەکات. دەربڕینێکی کەسی و هونەرییە، کە تاموچێژ و جوانی جیاوازی خۆی بە شیعر دەبەخشێت.

عەبدولڕەزاق بیمار لە پەرتووکی (کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی کوردی ١٩٩٢) بەم شێوەیە پێناسەی مۆسیقای شیعریی کردووە ((هەستکردنی خوێنەر یان گوێگرە بەو ئاوازانەی کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکان لە ئەنجامی ترپەی بڕگەکان و پێکهاتنی پێیەکاندا بە کێشی هەڵبەستی دەدەن.))(بیمار، ١٩٩٢: ١١) ئەوەی لەم پێناسەیەدا روون دەبێتەوە ئەوەیە، مۆسیقای شیعریی بریتییە لەوەی، کە چۆن دەنگ و ڕیتم و پێکهاتەی شیعرێک ئەزموونێکی مۆسیقی دروستدەکات، کە هەست و واتاکان بۆ خوێنەر یان گوێگر لە قاڵبدەدات.

خانزاد عەلی قادر لە پەرتووکی (زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ٢٠١١)دا لەبارەی مۆسیقای شیعریی نووسیویەتی ((مۆسیقای شیعر کۆڵەگەیەکی بناغەی شیعرە بە تایبەتی شیعری کۆن، ئەویش بە هۆی پەیوەندی واژەکان لەگەڵ یەکترەوە دروستدەبێت، چونکە زەنگ و ئاواز و ئاهەنگی شیعرە لە لەرانەوەی تەفعیلەکانەوە دروستدەبێت.))(قادر، ٢٠١١: ٩٨) لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت، کە شیعری کۆن تەنها وشە نەبووە، بەڵکو جۆرێک بووە لە مۆسیقای زارەکیی، کە دەنگەکان، ڕیتمەکان و تەنانەت کردەی جەستەیی قسەکردن هێزەکەی لە قاڵبدەدا .مۆسیقا دەتوانێت هەم بە واتای شەپۆلە دەنگییە ڕستەییەکان بێت و هەم ئەو دەنگدانەوە سۆزدارییەی بێت، کە بۆ گوێگران دروستیکردووە.

### ٢/١- جۆرەکانی مۆسیقای شیعریی:

دەکرێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری دابەشکردنی جۆرەکانی مۆسیقای شیعریی بکرێت، بە واتای ئەوەی هەر ڕەخنەگر و لێکۆڵەرێکی ئەدەبی بۆچوون و ڕێبازێکی تایبەتی هەیە بۆ دابەشکردنی جۆرەکان، بۆ نموونە (پۆڵ فریدریچ) جۆررەکانی مۆسیقای شیعریی دابەشی سەر چوار جۆر کردووە:

١ – مۆسیقای دەرەوە و مۆسیقای ناوەوە.

٢ – مۆسیقای زمانەوانی و مۆسیقای نازمانەوانی.

٣ – مۆسیقای شیعری تایبەت بە زمانێک و مۆسیقای شیعری جیهانی.

٤ – مۆسیقای شیعری پاک و مۆسیقای شیعری خوازراو. (محەمەد، ٢٠١٥: ٥٨)

ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین و مەبەستمانە، مۆسیقای دەرەوەیە.

### ١/٢/١- مۆسیقای دەرەوە:

بەر لەهەر شتێک دەبێت ئەوە بزانین ئەو جۆرەی مۆسیقای شیعرییە بە هۆی بوونی کێش و سەرواوە دروستدەبێت. بە واتای ئەوەی ئەو دوو ڕەگەزە کاتێک لە شیعردا بەکاردەهێندرێت ((جوانییەکی ئاوازەیی دڵگیر بە شیعر دەبەخشن و لە ئاکامی هەستکردن بەو گونجان و هاوئاهەنگییەوە دێت، کە لە دەروونی مرۆڤەوە پەیدادەبێت.))(دەشتی، ٢٠١٢: ٧٠) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە شیعر کوالیتی مۆسیقی خۆی لەو دوو توخمە سەرەکییەوە بەدەست دەهێنێت، ئەوانیش (کێش، سەروا) کاتێک ئەمانە بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاردەهێنرێن، ڕیتم و کاریگەریی سۆزداری شیعرەکە بەرز دەکەنەوە، بەهایەکی دڵخۆشکەر و گۆڕانی هاوشێوەی پێدەبەخشن.

### ٣/١- جۆرەکانی کێش لە شیعری کوردیدا:

شیعری هەر زمانێک بەپێی تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی سەردەمە جیاوازەکان پەیڕەوی لە هەندێک سیستەم دەکات و واز لە هەندێک سیستەمی دیکە دەهێنێت. ئەم بۆچوونە بۆ شیعری زمانی کوردیش دروستە، چونکە بەپێی گۆڕانی سەردەمەکان کێشی شیعری کوردی گۆڕاوە، بۆ نموونە شیعری کوردی پێش ئایینی ئیسلام پەیڕەوی لە کێشی خۆماڵی کردووە، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی ئایینی ئیسلام و ڕۆشنبیرییەکەی کێشی عەرووزی عەرەبی وەرگرتووە و شاعیرانی کورد ئەم جۆرەی کێشیان بەکارهێناوە.

**١/٣/١- کێشی خۆماڵی:**

جگە لە بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی هەریەکە لە زاراوەکانی (کێشی برگەیی، کێشی پەنجەیی، کێشی هیجایی، کێشی سیلابی) بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتووە. ئەم جۆرەکەی کێش کار لەسەر ژمارەی بڕگەکان دەکات، بەبێ ئەوەی گرنگی بە کورتی و درێژی بڕگەکان بدات. ((لە کێشی پەنجەییدا پێویستە بڕگەکان بە ژمارە ئەوەندەی یەک بن، واتە ئەگەر هەنگاوێکی تەفعیلەیەک پێنج بڕگە بێ، پێویستە هەنگاوەکانی دیکەش هەر ئەوەندەبن.))(هەردی، ١٩٧١: ١٠) بۆچی ئەم هاوسەنگییە گرنگە، چونکە ڕیتم دروستدەکات. بزوێنە یەکسانەکان وا لە شیعرەکە دەکەن، کە دەنگی سروشتی بێت، کاتێک دەخوێنرێتەوە یان دەوترێتەوە. هەروەها نەریتی زارەکی دەپارێزێت و بۆ لەبیرکردن پشت بەم هاوسەنگییە دەبەسترێت.

**٢/٣/١- کێشی عەرووز:**

عەرووز یەکێکە لە زانستە بنەڕەتییەکانی زمانی عەرەبی. زانستێکە تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە لە کێشە جیاوازەکانی شیعر، لە عەرووزدا کۆمەڵێک یاسا هەن، کە ئاماژە بە تەرازوو و پێوانەی ورد دەکەن، کە لە ڕێگەیەوە کێشە دروستەکانی شیعر دیاریدەکرێن. لە بنچینەدا ((بابەتی عەرووز کێشی شیعری عەرەبییە و کێشەکان دیاریدەکات بە بازنە و کێش و پێ و بنەڕەتەکان و زیحاف و عیللەکان.))(گەردی، ١٩٩٩: ١٠٥) شاعیرانی کوردیش لەناویاندا بێخود کێشی عەرووزی بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا ئەم جۆرەی کێش زۆر باوبووە.

**٤/١- کێش لە شیعرەکانی بێخوددا:**

یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی شیعر کێشە. ((لە هەر زمانێکدا بریتییە لە چوارچێوەی گشتی دەرەوەی ئاوازی شیعر بۆ تەواوکردنی مۆسیقای شیعر.))(هەمان سەرچاوە: ٧٣) واتە کێش لە شیعردا شتێکی سەرەکییە و بەشێکە بۆ تەواوکردنی مۆسیقای شیعر.

لە شیعری کوردیدا دوو جۆر کێش بەرچاو دەکەوێت. یەکەم کێشی خۆماڵی کە بە ژمارەی بڕگەکان و وەستانی ناوەڕاستی لەتەدێر دیار دەکرێت و هەر لە کۆنەوە سرود و گۆرانی و سەراپای شیعری فۆلکلۆری بەو کێشە داڕژاوە و هەموو شیعری زاری گۆرانی، چەند نموونەیەکی کەم نەبێ.... دووەم کێشی عەرووزییە کە پاش هاتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی لەناو کورددا، کورد لە رێی شیعری فارسییەوە وەریگرت.( هەمان سەرچاوە: ٩٤)

ئەم دوو جۆرە کێشەی لەسەرەوەدا باسمانکردن، لە شیعرەکانی بێخوددا هەن، بە واتای ئەوەی بێخود شیعری بە هەردوو جۆری کێشی خۆماڵیی و عەرووزیش هەیە.

**١/٤/١- کێشی هەزەج:**

وشەی هەزەج لە زمانی عەرەبیدا بە مانای لەرینەوەی دەنگ هاتووە. وەک زاراوەیەکی زانستی عەرووز بەو کێشە دەگوترێ، کە لە سەرەتای بازنەی سێیەمینە و پێکانی لەناو بازنەی خۆیدا بەم جۆریە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) × ٢.(گەردی، ١٩٩٩: ١٣٨) کێشی هەزەج لە شیعرەکانی بێخوددا بە چەند فۆڕمێک هاتووە، لە خوارەوە **ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:**

أ – کێشی هەزەجی هەشتی تەواو: مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن × ٢ .

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بێ | ر کە | د ا | تە | پ ڕ | م ت | بە ز | ن ی | ڵ ۆ | س ا | ر حە | فە | ب ی | با | ئ ەس | ل ە |
| — | — | - — | U | - — | — - | — | U | — | — - | — - | U | - — | — - | — | U |
| ١٦ | ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | |
| بێ | ر کە | با | م و | ل ێ | ن ت | ج ەژ | ن و | ج ەژ | ژ ت | ڕ ۆ | ژ و | ڕ ۆ | ە ەر | و ت | ش ە |
| — | — | - — | U | - — | - - | — | U | — | - — | — - | U | - — | — - | — | U |
| ١٦ | ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | |

(بێخود:2021: ١٨٢)

ب – کێشی هەزەجی هەشتی موسەبەغ: مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلان × ٢ .

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ح اڵ | خۆ ش | ل و | ز ی | فا | ک ی | ب ێ | ر ە | مە ش | ب وڵ | بو ل | بە | لا | د ی | حە م | ی |
| — | — | - - | U | - - | - - | — | U | — | - - | — | U | — | - - | — | |
| ١٦ | ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | |
| | مفاعیلان | | | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن |
| ئ اڵ | لێو | و و | ز ە | تا | ک ی | ی ێ | چ ە | غو ن | گ وڵ | دا | خ و | م وو | فە ر | ت ای | ە |
| — | — | - - | U | - - | - - | — | U | — | - - | — | U | — | - - | — | |
| ١٦ | ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | |
| | مفاعیلان | | | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | مفاعیلن |

(بێخود:2021: ٥٤)

ج– کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەحزوفی مەکفوف: مفعول | مفاعیل | مفاعیل | فعولن × ٢ .

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ت م | وە ی | ک و | ن ی | ش ا | ر ێ | پە | ژ و | ڕۆ | یە ھ | س ی | ک ە | ڕێ | عو م |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| —<br>- | — | U | U | — | — | U | U | — | — | U | U | — | — |
| ١<br>٤ | ١٣ | ١<br>٢ | ١<br>١ | ١<br>٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| مفعولن | | | مفاعیل | | | | مفاعیل | | | | مفعول | | |
| ت<br>م | وه<br>ی | ک<br>و | ن<br>ی | با | خو<br>و | ی<br>ی | ڕ<br>ه | تو<br>وڕ | کو<br>و | وه | ته | شو<br>ف | ئا |
| —<br>- | — | U | U | — | — | U | U | — | — | U | U | — | — |
| ١<br>٤ | ١٣ | ١<br>٢ | ١<br>١ | ١<br>٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| مفعولن | | | مفاعیل | | | | مفاعیل | | | | مفعول | | |

(بێخود:**2021**: ٦١)

**چ – کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەب: مفعول | مفاعیل | مفاعیل | فعولن × ٢ .**

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ن<br>ت | تا | بو<br>س | ر<br>ه | ع<br>ه | ت<br>ی | ده<br>ش | نه<br>ت | جه<br>ن | س<br>ده | ت<br>ی | ح<br>ه | س<br>ا | ئ<br>ەی |
| —<br>- | —<br>- | — | U | U | —<br>- | — | — | — | — | U | U | — | — |
| ١<br>٤ | ١<br>٣ | ١٢ | ١<br>١ | ١<br>٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| مفاعیلن | | | | مفعول | | | مفاعیلن | | | | مفعول | | |
| ت<br>ن | لا | غه<br>ی | م<br>و | ر<br>ی | خ<br>ا | یه<br>ک | شه<br>ن | گو<br>ڵ | زا<br>ر | ه<br>ه | به | ده<br>م | نا |
| —<br>- | —<br>- | — | U | U | —<br>- | — | — | — | — | U | U | — | — |
| ١<br>٤ | ١<br>٣ | ١٢ | ١<br>١ | ١<br>٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| مفاعیلن | | | | مفعول | | | مفاعیلن | | | | مفعول | | |

(بێخود:**2021**: ٣١)

**خ – کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسور: مفعول مفاعیل | مفاعیل | فعولان × ٢ .**

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ت<br>ان | با | س<br>ه | له | ب<br>ێ | با | س<br>ه | د<br>ی | با | که<br>ی | ده | ه<br>و | هو<br>د | گه<br>ر |
| — | — | U | U | — | — | U | U | — | — | U | U | — | — |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ |
| مفعول | | | مفاعیلن | | | | مفعول | | | مفعولان | | | |
| گه ر | ت خە | ت ی | س و | له ی | ما ن | ی ی | یه | ئ ەی | خ ا | ته | ە ە | و ا | ت ان |
| — | — | U | U | — | — | U | U | — | — | U | U | — | — |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ |
| مفعول | | | مفاعیلن | | | | مفعول | | | مفعولان | | | |

(بێخود:2021: ٧٨)

### د – کێشی هەزەجی شەشی مەحزوف: مفاعیلن | مفاعیل | فعولن × ٢ .

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| به | خەن | دەی | زۆ | ری | من | دێ | وا | نه | ئەگ | ری |
| U | — | — | — | U | — | — | — | U | — | — |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
| مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | فعولن | | |
| به | گر | یا | نی | که | مم | فەر | زا | نه | ئەگ | ری |
| U | — | — | — | U | — | — | — | U | — | — |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
| مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | فعولن | | |

(بێخود:2021: ١٣٣)

### ر – کێشی هەزەجی شەشی مەقسور: مفاعیلن | مفاعیل | فعولان × ٢ .

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سه | حەر | سپ | یا | وی | رووی | سا | ما | ڵی | خور | شید |
| U | — | — | — | U | — | — | — | U | — | — |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
| مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | فعولان | | |
| شه | فەق | سو | را | وی | گۆ | نەی | تا | ڵی | خور | شید |
| U | — | — | — | U | — | — | — | U | — | — |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
| مفاعیلن | | | | مفاعیلن | | | | فعولان | | |

(بێخود:2021: ٤٨)

### ٢/٤/١– کێشی ڕەمەل:

وشـــەی ڕەمەل لە زمانی عەرەبیدا بە مانای چنینی عەســـیر هاتووە، هەروەکو بە مانای ڕۆیشـــتنی خێرا هاتووە و ڕەمەلی تەواویش هەر لەوەوە هاتووە. وەک زاراوەش بەو کێشـە دەگوترێ، کە لە بازنەی سـێیەمدایە و پێکانی لە بازنەی

خۆیدا بریتین لە (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن) × ٢. (گەردی، ١٩٩٩: ١٥٩) بێخود لە شـــیعرەکانیدا ســـوودی لەم کێشـــەش وەرگرتووە. لێرەدا تەنها دووە شێوەی کێشی ڕەمەل وەردەگرین.

**أ – ڕەمەلی هەشتی مەقسور: فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلات × ٢ .**

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حه<br>س | ر<br>ه | تا | د<br>ی | س<br>ان | به | یا | ب<br>وو | پا | ی | ز<br>ی | ش<br>ی | ن<br>و | گ | ر<br>ین |
| — | U | — | — | — | U | -<br>— | — | — | U | —<br>- | — | —<br>- | U | — |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١<br>٠ | ١<br>١ | ١<br>٢ | ١<br>٣ | ١<br>٤ | ١<br>٥ |
| فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلات | | |
| زو<br>و | به | س<br>ەر | چ<br>وو | نه<br>و | به | ه<br>ا | ر<br>ی | عه<br>ی | ش<br>و | ن<br>ۆ | ش<br>و | پ<br>ێ | ک<br>ه | ن<br>ین |
| — | U | — | — | — | U | -<br>— | — | — | U | —<br>- | — | —<br>- | U | — |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١<br>٠ | ١<br>١ | ١<br>٢ | ١<br>٣ | ١<br>٤ | ١<br>٥ |
| فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلات | | |

(بێخود:2021: ١٧٠)

**ب – ڕەمەلی هەشتی مەحزوف: فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن × ٢ .**

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئ<br>ەی | س<br>ه | با | ئ<br>ەی | قا | س<br>ی | د<br>ی | ئه<br>ر | با | ب<br>ی | نا | م<br>وو | س<br>و | ش<br>ه | ره<br>ف |
| — | U | -<br>— | — | — | U | —<br>- | —<br>- | -<br>— | U | —<br>- | — | —<br>- | U | — |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١<br>٠ | ١<br>١ | ١<br>٢ | ١<br>٣ | ١<br>٤ | ١٥ |
| فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلن | | |
| هه<br>س | ته | تا | ک<br>ەر | کو<br>وک | ب | چ<br>ۆ | ئا | ز<br>ا | ن<br>ه | ئه<br>م | ما | لا | ته | خه<br>ف |
| — | U | -<br>— | — | — | U | —<br>- | —<br>- | -<br>— | U | —<br>- | — | —<br>- | U | — |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١<br>٠ | ١<br>١ | ١<br>٢ | ١<br>٣ | ١<br>٤ | ١٥ |
| فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلاتن | | | | فاعلن | | |

(بێخود:2021: ٥٢)

### ٣/٤/١- کێشی موزاریع:

وشـەی موزاریع  لە زمانی عەرەبیدا بە مانای پێچوون هاتووە. وەک زاراوەش بۆ ئەو کێشـە بەکاردێ، کە لە بازنەی چوارەمدایە و پێکـانی لە بـازنەی خۆیدا بەم جۆرەیە (مفاعیلن  فـاع لاتن  مفاعیلن) × ٢. (گەردی، ١٩٩٩: ١٨٣) لەنێو شیعرەکانی بێخوددا کێشی موزاریع بەرچاو دەکەوێت، ئێمە لێرەدا دوو شێوەی کێشەکە دەخەینەڕوو:

**أ – موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزەوف: مفعول | فاع لاتن | مفاعیل | فاع لن × ٢ .**

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بێ | خو<br>د | ل<br>ە | ڕوو<br>ی | ن | یا | ز<br>ە | و<br>ە | ئ<br>ەی | نا | ز<br>ە | نین | ئە | ڵ<br>ێ |
| ـ | ـ | U | ـ | U | ـ | U | U | ـ | ـ | U | ـ | U | ـ |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١<br>٠ | ١<br>١ | ١٢ | ١<br>٣ | ١<br>٤ |
| مفعول | | | فاع لاتن | | | | مفاعیل | | | | فاع لن | | |
| جا<br>ر | جا<br>ر | بە | چا | و<br>ی | لو<br>ت | فە | و<br>ە | بڕ | و<br>ا | ن<br>ە | سو<br>و | ر<br>ە | ت<br>م |
| ـ | ـ | U | ـ | U | ـ | U | U | ـ | ـ | U | ـ | U | ـ |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | | ٨ | ٩ | ١<br>٠ | ١<br>١ | ١٢ | ١<br>٣ | ١<br>٤ |
| مفعول | | | فاع لاتن | | | | مفاعیل | | | | فاع لن | | |

(بێخود:2021: ١٦٨)

**ب – موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسوور: مفعول | فاع لاتن | مفاعیل | فاع لن × ٢.**

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئە<br>م | ج<br>ا | لە | ع<br>وو | د<br>و | ڕو<br>و | دو | ر<br>ە | یو<br>و | مە<br>ی | شە | ر<br>اب | ئە | دو<br>وم |
| -<br>ـ | ـ<br>- | U | -<br>ـ | U | ـ | U | [illegible] | ـ | ـ | U | -<br>ـ | U | ـ |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | | ٩ | ١٠ | ١١ | ١<br>٢ | ١<br>٣ | ١٤ |
| مفعول | | | فاع لاتن | | | | مفاعیل | | | | فاع لن | | |
| ی<br>ەع | ن<br>ی | لە | غ<br>ەی | ر<br>ی | سا | قی | و | مو<br>ت | ر<br>یب | خە | ر<br>اپ | ئە | دو<br>وم |
| -<br>ـ | ـ<br>- | U | -<br>ـ | U | ـ | U | [illegible] | ـ | ـ | U | -<br>ـ | U | ـ |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | | | ٩ | ١٠ | ١١ | ١<br>٢ | ١<br>٣ | ١٤ |
| مفعول | | | فاع لاتن | | | | مفاعیل | | | | فاع لن | | |

(بێخود:2021: ١٦٩)

### ٤/٤/١– کێشی کامیل:

وشـــەی کامیل  لە زمانی عەرەبیدا مانای تەواو دەگەیەنێ. وەک زاراوەش بۆ ئەو کێشـــە بەکاردێ، کە لە بازنەی دووەمـدایە و پێکـانی لە بـازنەی خۆیـدا بەم جۆرەیە (متفـاعلن  متفـاعلن  متفـاعلن) × ٢.(گەردی، ١٩٩٩: ٢١٣) لەنێو شیعرەکانی بێخوددا کێشی کامیل بەرچاو دەکەوێت.

**أ – موزاریعی هەشتی تەواو: متفاعلن | متفاعلن | متفاعلن | متفاعلن × ٢ .**

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یە | یی | وا | هە | شی | روو | س | ری | بە | خە | یا | رە | ها | بە | می | سی | نە | بۆی | مە | ئە |
| — | U | — | U | U | — | U | — | U | U | — | U | — | U | U | — | U | — | U | U |
| ٢٠ | ١٩ | ١٨ | ١٧ | ١٦ | ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| یە | یی | ما | سە | حی | سی | مە | سی | فە | نە | یا | رە | گا | نی | نی | شی | بەخ | رۆح | می | دە |
| — | U | — | U | U | — | U | — | U | U | — | U | — | U | U | — | U | — | U | U |
| ٢٠ | ١٩ | ١٨ | ١٧ | ١٦ | ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

**(بێخود:2021: ١٢٥)**

### ٥/٤/١– کێشی ڕەجەز:

وشەی ڕەجەز  لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ئەو وشتەرە هاتووە، کە ڕانەکانی دەلەرنەوە. وەک زاراوەش بەو ئەو کێشـە دەگوترێ، کە لە بازنەی سـێیەمدایە و پێکانی لە بازنەی خۆیدا بەم جۆرەیە(مسـتفعلن  مسـتفعلن  مسـتفعلن) × ٢. (گەردی، ١٩٩٩: ١٥٣) لەنێو شیعرەکانی بێخوددا کێشی ڕەجەز بەرچاو دەکەوێت.

**أ – کێشی ڕەجەزی مەخبوون: مفاعلن | مفاعلن | مفاعلن | مفاعلن × ٢ .**

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یە | یی | با | ڕو | دڵ | نی | عەی | کە | بم | ئە | ڕێ | بە | دول | یی | دا | فی |
| — | U | — | U | — | U | — | U | — | U | — | U | — | U | — | U |
| ١٦ | ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| مفاعلن | | | | مفاعلن | | | | مفاعلن | | | | مفاعلن | | | |
| یە | ی | شا | د | یا | ری | فەخ | کە | بم | ئە | ڕێ | وە | سەر | می | لا | غو |
| — | U | — | U | — | U | — | U | — | U | — | U | — | U | — | U |
| ١٦ | ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
| مفاعلن | | | | مفاعلن | | | | مفاعلن | | | | مفاعلن | | | |

**(بێخود:2021: ١٧)**

## ٢/ سەروا لە شیعرەکانی بێخوددا:

### ١/٢- زاراوەی سەروا:

زاراوەی سەروا مێژووی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ((یەکەم کەس لە کوردیدا عەلائەدین سجادی ٩٦٧ لە ئەدەبی کوردی... وشەی سەروای بەرانبەر بە قافیەی عەرەبی بەکارهێنا.)) (گەردی، ١٩٩٩: ٢٢) پێش ئەمەش چەند زاراوەیەکی تر بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنراوە، وەک (قافیە، دواخشت، لەنگەر...) بەڵام ئەوەی ئێستا ڕۆیشتووە و زیاتر بەکاردێت، زاراوەی (سەروا)یە.

سەروا یەکێکی ترە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر، بە تایبەتی شیعری کلاسیک. بۆیە شاعیرانی کلاسیکیی کورد گرنگییەکی زۆریان پێداوە، چونکە بەگشتی ئەو شاعیرانە زۆربەیان لە حوجرەکان خوێندوویانە و خوێندنیشیان بە زمانی عەرەبی بوو، ئەمەش هۆیەک بۆ ئەوەی لە شیعرەکانیاندا سەروا بەکاربهێنن.

### ٢/٢- چەمکی سەروا:

لەپاڵ کێش، سەروا ڕەگەزێکی سەرەکییە لە شیعردا، هەروەک عەرەبەکان لە پێناسەی شیعردا ئاماژەیان پێداوە، دەڵێن، شیعر دەربڕینێکی کێشداری سەروادارە. لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا سەروا کۆتێکە و بە گەردنی شاعیرانەوە وەیە، بە واتای ئەوەی شاعیر کاتێک شیعر دەهۆنێتەوە، پێویستە سەروا بەکاربهێنێت، چونکە لەو سەردەمەدا بەکارهێنانی سەروا پێویستییەک بووە. چونکە سەروا ڕۆڵێکی بەرچاوی بنیاتنانی ئاوازەی دەرەوەی شیعردا هەیە.چەمکی سەروا، بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و تایبەتمەندییەکانی زمانە جیاوازەکان، بۆ نموونە جیاوازی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی.

((لەشیعری زمانە هیندۆئەورووپییە کۆنەکانی وەک سانسکریتی، یۆنانی، لایتینی... زمانە ئێرانییەکانی وەک ئاڤێستا و پەهلەوی... سەروا نەبووە، بەڵکو جۆرێک لە ڕێکەوتنی پیتەکان هەبووە.)) بۆیە لامان باشە هەندێک لەو بۆچوونانە بخەینەڕوو، کە لەبارەی سەرواوە هەن:

((سەروا چەند دەنگێکە لە کۆتایی نیوەدێر یان دێڕەکانی شیعردا دووبارەدەبنەوە.)) (خانلری، ١٩٧٨: ١٠) ئەوەی لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە، کە سەروا بریتییە لە دەنگێک یان چەند دەنگێک و دەکەوێتە کۆتایی نیوەدێڕی شیعرەوە، ئەوەش بە واتای هاوتاکردنی دەنگەکان دێت، بە واتایەکی دیکە هەمان دەنگ لە بە یەکسانی لە دوو نیوەدێڕی شیعرێکدا بەرانبەر یەکتر دەوەستن. ئەمەش دەریدەخات سەروا دەنگە و پیت نییە.

((سەروا ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە دوو وشە یان زیاتردەنگی برگەکانی کۆتاییان یەک بێ و بەجۆرێ دابندرێ، هەریەکیان زایەڵی ئەوی تریان بێ.)) (گەردی، ١٩٩٩: ٢٤) لەم پێناسەیەشدا دیسانەوە دەنگ بنەمایە بۆ بوونی سەروا، مەرجی بوونی دەبەستێتەوە بە زایەڵە و بەرانەری دەنگەکان.

((دێڕە شیعرەکانی شیعر بە وشەیەک دواییاندێ، ئەم وشانە لەلایەن کێش و ئاوازەوە لەیەکتری ئەکەن، بەلای کەمەوە ئەبێ تیپی دوایی هەموو ئەو وشانەی دێڕە شیعرەکان یەکبن، ئەم وشانە قافیەیان پێدەڵێن، ئەمە بە نیسبەت ئەو شیعرەی یەک قافیەی هەبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو لە شیعرێکدا قافیەکان گۆڕان ئەوکاتە هەر بەشە قافیەکی لەیەکچوو وتەی سەرەوەی بەسەر تەتبیق ئەکرێ.))(خەزنەدار، ١٩٦٢: ٥٦) ئەوە لەو پێناسەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە لە پێناسەکانی تری پێشوو وردترە، دوو جۆری سەرواشی دیاریکردووە، سەروای یەکگرتوو و جۆرێکی کە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بە سەروای دووانە مەسنەویی ناسراوە.

### ٣/٢- سنوور و ڕەگەزەکانی سەروا:


مەبەست لە سنوور ورەگەزەکانی سەروا ئاماژەن بۆ ئەو سنووردارکردن و پۆلێنکردن و پۆلێنە شێوازناسییەکان، کە پێناسەی چۆنیەتی کارکردنی سەروا لە ناو نەریتە شیعرییە جیاوازەکاندا دەکەن. سنوورەکانی سەروا بریتیین لە یاسا و سنووردارکردن پێکهاتەییەکان، کە سەروا لە شیعردا بەڕێوەدەبەن، بۆ نموونە لەڕووی فۆنەتیکییەوە دەنگەکان چەندە دەبێت هاوتابن؟ یان پێویستە سەروا لە کوێی دێڕە شیعردا بێت؟ وەک سەروای کۆتایی، قافیەی ناوەوە،...تد. هەروەها یەکدەنگییش یەکێکی ترە لە سنوورەکانی سەروا، بە واتای ئەوەی، ئایا شیعرێک دەبێت پلانێکی سەروای جێگیر/

یەکگرتوو بپارێزێت، یان دەتوانێت جیاوازبێت؟ بۆ ئەمەش پێویســـــتە ڕەچاوی تایبەتمەندییە زمانییەکان بکرێت، چونکە هەندێک زمان ڕێکەوتنی سەروا توندتر، یان شلتریان هەیە.

ئەوەشی پەیوەست بێت بەڕەگەزەکانی سەروا، ئەمانەش بریتین لە پۆلێن، یان شێوازی سەروا، زۆرجار بەستراوەتەوە بە فۆرم یان نەریتی شـــیعریی تایبەتەوە، بۆ نموونە لە شـــیعری کلاســـیکیی کوردیدا ســـەروای یەکگرتوو، ســـەروای مەسنەوی...تد هەن، بەڵام سەروای یەکگرتوو زیاتر بەکارهاتووە.

**٢/٣/١- دەنگەکانی سەروا:**

دەنگەکانی سەروا بەسەر سێ تەوەرەدا دابەشدەبن، هەروەک لەم هێڵکارییەدا دەخەینەڕوو: (گەردی، ١٩٩٩: ١١٢)




**٢/٣/١/١- پێش ڕەوی:**

پێش ڕەوی هەروەکو لە ناوی زاراوەکەیەوە دیارە پیتێکە دەکەوێتە پێش پیتی ڕەوی. لەبارەی پێویســـتی پێش ڕەوییەوە، عەزیز گەردی دەڵێت: ((تەنیا ئەگەر ڕەوی بزوێنی درێژبێ، پێویســـتی بە پێش ڕەوی نابێ.)) (گەردی، ١٩٩٩: ١٢٨) پێش ڕەوی دوو جۆری هەیە، ئەوانیش (تەوجیه ، ڕەدیف)ـــــن. ئەمانەش بە پێی پیتە بزوێنە کورت و بزوێنە درێژەکان دابەشدەبن. هەردووکیان بە توخمێکی گرنگ دادەنرێن لە داڕشتنی سەروادا، ڕۆڵی خۆیان لە ڕیتم و واتادا هەیە.

**سەید نەسەبێ لە ئەسلی زەهرایی بەتوول**

**یەعنی نەتەوەی عەلی فرحوولی ئیبنی فرحوول (بێخود:2021: ١٦٨)**

لەم دێرە شیعرەی سەرەوەدا وشەکانی (بەتوول، فرحوول) وشەی سەروان، دەنگی (ل) ڕەوییە، دەنگی (وو) پێش ڕەوییە، دەبێتە ڕدیفی ئەسڵی، ئەویش بریتییە ((لەو بزوێنە درێژانەی ڕاستەوخۆ لە پێش ڕەوییەوە دێن))(نورەدین، ٢٠١٦: ٨٨)

**((بحمداللە)) بە بولبولمەشرەبێکی فازیل و خۆشحاڵ**

**عەتای فەرموو خودا گوڵ غونچەییێکی تازە و لێوتاڵ**

**(بێخود:2021: ٥٤)**

وشـــەکانی ســـەروای ئەم دێڕەی ســـەرەوە بریتییە (خۆشـــحاڵ، لێوتاڵ) لە هەردوو وشـــەکاندا دەنگی (ا) ڕەدیفە و (ڵ) ڕەوییە، دەنگی (ا) ڕەدیفی ئەسڵییە، چونکە دەنگێکی بزوێنی درێژە.

**ئەی ساحەتی سەد جەننەت دەشتی عەرەبوستانت**

**نادەم بە هەزار گوڵشەن یەک خاری موغەیلانت**

**(بێخود:2021: ٣١)**

وشەکانی سەروای ئەم دێڕەی سەرەوە بریتییە (عەرەبوستانت، موغەیلانت) لە هەردوو وشەکاندا دەنگی (ا) ڕەدیفە و (ن، ت) دوو پیتی نەبزوێنن لە ناو یەک وشەدا هاتوون، کە یەکەمیان (ن) ڕەدیفی زائیدە و (ت) ڕەوییە.

**٢/٣/١/٢- ڕەوی:**

ڕەوی ((دەنگێکە دێڕەکانی شـــیعری لەســـەر بنیاددەنرێت.))(انیس،١٩٥٢: ٢٤٥) بەواتای ئەوەی ڕەوی دوا دەنگە لە دێڕە شیعردا، گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە بنەمای سـەرەکییە بۆ سـەروا، واتە سـەروا بەهۆی ئەوەوە دروسـتدەبێت و هەر

بەهۆی ئەویشـــەوە دەمێنێتەوە. لە زمانی کوردیدا بەگشـــتی دەکرێت هەریەکە لە پیتە بزوێن و پیتە نەبزوێنەکان ببن بە ڕەوی.

**بەندە کە دەمێکە لێرەم و میوانم**
**پەیوەندی جەنابی ((سافی)) بی ئیرانم**
**یەعنی بە ئومێدی زیارەتی دانیشتووم**
**ڕۆح هاتە دەرێ، کەچی نەهات جانانم**

**(بێخود:2021: ١٧٢)**

لەم دوو دێڕە شـیعرەی سـەرەوەدا شـاعیر وشـەکانی (میوانم، ئیرانم، دانیشـتووم، جانانم) لە کۆتاییدا بەکارهێناوە، کە هەموویان بە دەنگی (م) کۆتاییان هاتووە، کە دەنگێکی نەبزوێنە بوونەتە ڕەوی.

**ئەی گوڵی گوڵستانی کوردستان**
**وەی مەلی نەشئە بەخشی پیروجەوان**

**(بێخود:2021: ١٨١)**

لەم دێڕە شـیعرەی سـەرەوەدا شـاعیر وشـەکانی (کوردسـتان، جەوان) لە کۆتاییدا بەکارهێناوە، کە هەردووکیان بە دەنگی (ن) کۆتاییان هاتووە، کە دەنگێکی نەبزوێنە بووەتە ڕەوی. واتە دەنگێکی نەبزوێن بووە بە ڕەوی.

**لە ئەسبابی فەرەج ساڵۆنی بەزمت پڕ تەدارەک بێ**
**شەوت هەر ڕۆژ و ڕۆژت هەر جەژن و جەژنت لێ مبارەک بێ**

**(بێخود:2021: ١٨٢)**

لەم دێڕە شـیعرەی سـەرەوەدا شـاعیر وشـەکانی (تەدارەک بێ،مبارەک بێ) لە کۆتاییدا بەکارهێناوە، کە هەردووکیان بە دەنگی (ێ) کۆتاییان هاتووە، کە دەنگێکی بزوێنە بووەتە ڕەوی. واتە دەنگێکی بزوێن بووە بە ڕەوی.

**غەزالی خۆشخەرامی من کە توڕڕە ئینشارئەکا**
**هەزار شێری سەفشەکەن بە ڕشتەیێ شکارئەکا**

**(بێخود:2021: ١٧)**

لەم دێڕە شـیعرەی سـەرەوەدا شـاعیر وشـەکانی (ئینشـارئەکا ، شـکارئەکا) لە کۆتاییدا بەکارهێناوە، کە هەردووکیان بە دەنگی (ا) کۆتاییان هاتووە، کە دەنگێکی بزوێنە بووەتە ڕەوی. واتە دەنگێکی بزوێن بووە بە ڕەوی.

**٣/١/٣/٢- پاش ڕەوی:**

لە زمانی کوردیدا دەنگی (ە) ناتوانێ ببێت بەڕەوی، ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی ببێت بە پاش ڕەوی، هەرچەندە سـەروا بەو پیتەش کۆتایی هاتبێت. پاش ڕەوی دوو جۆری هەیە، پاش ڕەوی ئەسـڵی، پاش ڕەوی زیادە. ((پاش ڕەوی ئەسـڵی ئەو بزوێنە کورتەیە، کە لە کۆتایی وشـەی سـەروا دایە... پاش ڕەوی زیادە، ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانە دەگرێتەوە، کە بە کۆتایی وشەی سەرواوە دەلکێن.)) (گەردی، ١٩٩٩: ١٤٠).

لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە پاش ڕەوی ئەسڵی خودی ڕەویسەروایە، بەڵام هێزی نییە، پاش ڕەوی زیادەش، خۆی لە مۆرفیمە ڕێزمانییە لکاوەکان بە سەرواوە دەبینێتەوە.

**بە شەو دەرزیی موژە مەشغووڵە یەعنی چاک ئەکا سینە**
**بەڕۆژ چۆغەی دڵی عالەم ئەدا ئەو شۆخە ماکینە**

**(بێخود:2021: ١١٢)**

دەنگی بزوێنی (ە) کورت لە هەردوو وشەکانی (سینە، ماکینە)، کە سەروای وشەی دێڕە شیعرەکەن لە ئەسڵی وشەکان دان، لەبەر بێ هێزی بزوێنی (ە) نەبووەتە ڕەوی، بەڵکو دەنگی نەبزوێنی (ن) بووەتە ڕەوی لە هەردوو وشەکەدا و دەنگی (ە) کشاوەتەوە دواوە و کەوتووەتە دوای ڕەوی لەبەر ئەوەی لە ئەسڵی وشەکەدایە و زیاد نییە، پاشڕەوی ئەسڵییە.

**گڵی یاقوتە، تۆزی عەنبەری سارایە بەرزنجە**
**گیای زمڕووتە، بەردی گەوهەری یەکتابە بەرزنجە**
**(بێخود:2021: ٩٨)**

لەم دێڕە شیعرەی سەرەوەدا هەردوو وشەی (بەرزنجە) سەروان، دەنگی بزێنی (ە) لە هەردوو وشەکە لە ئەسڵی وشەدان و زیادە نین، بەڵام لەبەر ئەوەی، کە بزوێنی بێهێزە نەبووەتە ڕەوی (ج) بوو بە ڕەوی، (ە) کشاوەتەوە دواوە، کە پاش ڕەوییە.

**٢/٣/٢- جۆرەکانی سەروا:**

لەچەند ڕوویێکەوە دەکرێت جۆرەکانی سەروا دەستنیشان بکرێت، ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستمانە، جۆرەکانی سەروایە لەڕووی ژمارەی سەرواوەیە، بەواتای ئەوەی ئەو سەروایەی لە شیعرەکانی بێخوددا بەکارهاتوون، چین، سەروای یەکگرتوون؟ یان سەروای مەسنەوییین...؟

**١/٢/٣/٢- سەروای یەکگرتوو:**

یەکێکە لە جۆرەکانی سەروا، هەروەک لە ناوی زاراوەکەیەوە دیارە، ئەو جۆرە سەروایەیە لە تەواوی دێرەکانی شیعرێکدا دووبارە دەبێتەوە، بە واتای ئەوەی شاعیر بەیتێک بەو سەروایەوە دهۆنێتەوە، دوای ئەوەی هەمان سەروا بۆ هەموو بەیتەکانی دیکەش دووبارەدەکاتەوە. ئەم جۆرەی سەروا بە سەروای ستوونیش ناودەبرێت، ((بەو پێیەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە کۆتایی هەموو نیوە دێرە شیعرێکدا دووبارە دەبێتەوە، بەمەش بە شێوەیەکی ستوونی لە دووبارەبوونەوەی دەنگ لە کۆتایی دێرە شیعردا وەردەگرێت.))(محەمەد، ٢٠١٥: ٧٠) بەواتای ئەوەی کە کۆمەڵە دەنگێکی دیاریکراو بە شێوازێکی ڕێک لە کۆتایی هەموو نیوە دێرە شیعرەکاندا دووبارە دەبنەوە. ئەم دووبارەبوونەوەیە پێکهاتەی دەنگییەکە بە شێوازێکی پتەو لە هەموو بەشەکانی شیعردا نیشاندەدات، کە ئەمەش یارمەتی دروستکردنی ڕێڕەوێکی مۆسیقیی دەدات.

**هەرچەندە دەوایی سەد دڵە لەو پەرچەمەت ئەڵێ**
**ئەم پەندە تۆڵە من ببینێ وهیچ قسەش مەڵێ**
**لەم بەزمی موسکیراتە دلێرانە زوو هەڵێ**
**فەیدکردنی سوراحی ئەگەر تێبگەی ئەڵێ**
**دڵ تێکهەڵاتنە لەگەڵ ئەم خەڵقە تێکەڵێ**
**(بێخود:2021: ١٧٧)**

لەم شیعرەدا وشەی سەروا لە کۆتایی هەموو دێرەکاندا بەدوای یەکداهاتوونە. ئەمەش ئاوازێکی تایبەتی بە مۆسیقای شیعرەکە داوە. وشەکانی (ئەڵێ، مەڵێ، هەڵێ، تێکەڵێ) کە سەروای شیعریین و هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی مۆسیقا و ئاوازێکیان داوە بە شیعرەکە.

**دیسان هەوری بەڵا هات، سایەقەی وەسڵی گوڵان ڕۆیی**
**شەوی ماتەم پەیابووە، ڕۆژی خۆشی بولبولان ڕۆیی**
**تەمی غەم تا قیامەت بۆچی دانەگرێ وڵاتی کورد**
**کە زاتێکی وەفادار و نەجیب و خانەدان ڕۆیی**
**بچووک بۆ قوڕ نەپێوێ، گەورە توخوا بۆ بەکوڵ نەگری؟**
**کە عاسای دەستی پیر و هێزی ئەژنۆی گەنجەکان ڕۆیی**
**سەدای باوک و برا ڕۆی خەلق و گرمەی سینە، ناڵەی دڵ**
**وەکوو ڕەعدی بەهار ئیمڕۆ زەمین تا ئاسمان ڕۆیی**
**(بێخود:2021: ١٥٤)**

لە نموونەی پێشـوودا دیسـانەوە سـەروای یەکگرتوو بەکارهاتووە، واتە شـاعیر شـیعرەکەی لە سـەرەتاوە تا کۆتایی بە هەمان سەروا نووسیوە، بەمەش سەروایەکی ستوونی یەکگرتوو بەرهەمهاتووە. بۆ ئەمەش سوودی لە وشەکانی (رۆیی، نەگری، کورد، دڵ) وەرگرتووە.

### ٢/٢/٣/٢- سەروای مەسنەوی:

ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە جۆرەکانی سـەروا و بریتییە ((لەوە شـیعرەی هەموو دێرە شـیعرێکی قافیەیێکی تایبەتی ئەبێ.))(خەزنەدار، ١٩٦٢: ٥٦) تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کە هەموو دوو دێڕێکی یەک سەروایان هەیە (a-a, b-b, c-c...). جیاواز لە جۆرەکانی تر، سـەروای مەسـنەوی سـنوورێکی درێژی هەیە، و شـاعیر دەتوانێت بەهۆیەوە شـیعرەکەی درێژبکاتەوە.

**ئەمجا یارمەتی و ژینی ئەم یانە**
**لە میللەتی کورد زۆر هیوامانە**
**چونکە پیویستە بکرێ سەرمن مال**
**چ بۆ ئیستقلال چ بۆ ئیستیقبال**

**(بێخود:2021: ١٥٧)**

لەم نموونەی سەرەوەدا سەروای مەسنەوی بەکارهاتووە، وشەکانی (هەم یانە، هیوامانە، مال، ئیستقلال) سەروای دێڕە شـیعرەکانن، بە شـێوەیەک دێری یەکەمی شـیعرەکە بە (ە، ە) کۆتایی هاتوو بەڵام لە زمانی کوردیدا (ە) ناتوانێت ببێتە سەروا، بۆیە بووتە پاشڕەوی، دەنگی (ن) لە دێرە شیعرەکەدا بووتە سەروا، واتە لە دێرەکەدا سەروا (A,A). لە دێریدوای ئەوەش وشـەکانی (مال، ئیسـتقلال) بوونەتە سـەروا، هەردووکیشـیان بە دەنگی (ل) کۆتاییان هاتووە، کەواتە لەم دێرەدا دەنگی سەروا بریتییە لە (B,B).

### ئەنجام:

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا بە چەند ئەنجامێک گەیشتوون، کە لە خوارەوە خستوومانەتەڕوو:

١ – لە دابەشـکردنی جۆرەکانی مۆسـیقای شـیعریی بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئەوەی زۆر ڕۆیشـتووە و بووە بە دابەشـکردنێکی باو، مۆسـیقای دەرەوە و مۆسـیقای ناوەوەیە. مۆسـیقای دەرەوەش یەکێکە لە پێکهاتە سـەرەکییەکانی شیعری بێخود، چونکە دەقەشیعرییەکانی شاعیر بەیاسا و ڕێساکانی کلاسیکی نووسراون.

٢ – کێش و سەروا دوو پێکهاتەی سەرەکیین لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی مۆسیقای شیعریی لە شیعرە کوردییەکانی بێخود، چونکە ئەو دوو رەگەزە کاتێ شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە، جوانییەکی ئاوازی دلگیر بە شیعرەکان دەدەن.

٣ – لە شـیعری کلاسـیکیی کوردیدا بە گشـتی دوو سـیسـتەمی کێش پەیڕەوکراوە، کێشـی خۆماڵی و کێشـی عەرووزی عەرەبی، بەڵام بەشـی هەرە زۆری شـیعرەکان بە کێشـی عەرووز نووسـراون، بێخودی شـاعیریش زۆربەی شـیعرەکانی هەر بە کێشی عەرووز نووسیوە.

٤ – بێخود لە شـیعرەکـانی زۆربەی جۆرەکـانی سـەروای لە شـیعرەکـانیدا بەکـارهێنـاوە، بە هەموو ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانییەوە، بەڵام ڕێژەیەکی زیاتر سوودی لە سەروای یەکگرتوو وەرگرتووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم سەرچاوە کوردییەکان


– قادر، خانزاد عەلی(2011). زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی،چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
– دەشتی، عوسمان (2012). لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
– بیمار، عەبدولڕەزاق(1992). کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی کوردی، چ١، چاپخانەی دار الحرية، بەغدا.
– گەردی، عەزیز(1999). سەروا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ئاراس، هەولێر.
– گەردی، عەزیز(1999). کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعریفارسی (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە).
– گەردی، عەزیز(1972). ئەدەب و ڕەخنە، چ١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا.

- محەمەد، فرمێسک موسلیح(2015). مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی وەفاییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- خەزنەدار، مارف(1962). کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفاء، بەغدا.
- بێخود، مامۆستا مەلا مەحمودی موفتی(2021). دیوانی بێخود، ئامادە و ڕێکخستنیط مەحەمەدی مەلا کەریم، چ١، ئینتشارات کوردستان- سنە.
- نورالدین، هیوا، عەرووزناسیی شیعری کلاسیکی کوردی، چ١، هەولێر، ٢٠١٦.
- هەردی، ئەحمەد(1971). کێش لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری برایەتی ژ: (١٠).

## دووەم سەرچاوە عەرەبییەکان:

- خانلری، برویز ناتل(1978). اوزان الشعر الفارسی، ت: محمد نورالدین عبدالمنعم، مکتبة الأنجلو المصریة للطبع والنشر، قاهرة، مصر.
- انیس، ابراهیم(1952). موسیقی الشعر ط٢، مکتبة الأنجلو المصریة للطبع والنشر، قاهرة، مصر.

**الموسيقى الخارجية في قصائد بيخود الكوردية**

**طلعت طاهر حمدعلي**
قسم اللغة الكردية,كلية اللغات,جامعة صلاح الدين–أربيل,إقليم كوردستان,العراق
talat.hamadali@su.edu.krd

**شيلان نورى جليل**
قسم اللغة الكردية,كلية اللغات,جامعة صلاح الدين–أربيل,إقليم كوردستان,العراق
shilan.noori75@gmail.com

**الملخص:**

يتناول هذا البحث الموسوم بــــ (الموسيقى الخارجية في قصائد بيخود الكردية) بالدراسة والتحليل، معتمدًا على المنهج الوصفي التحليلي. ويتكوّن البحث، بالإضافة إلى المقدمة والخاتمة وقائمة المصادر ، من قسمين رئيسين:

يتناول القسم الأول الوزن في أشعار بيخود، متطرّقًا إلى المحاور التالية: الموسيقى الشعرية، وأنواع الموسيقى الشعرية، والموسيقى الخارجية، فضلاً عن الوزن في الشعر الكردي، والوزن المحلي، ووزن العَروض، وصولًا إلى دراسة الوزن في قصائد بيخود.

أما القسم الثاني فيعالج القافية في أشعار بيخود، ويتضمّن الموضوعات الآتية: المفاهيم والمصطلحات المتعلقة بالقافية، حدود القافية وأنواعها، الأصوات المكوّنة للقافية، القافية الموحَّدة، وقافية المثنوي.

وفي خاتمة البحث توصّلنا إلى جملة من النتائج التي جرى تلخيصها في نقاط محددة، كما تم تقديم ملخّص باللغتين العربية والإنجليزية لتعميم الفائدة.

**External music in Bekhud's Kurdish poems**

**Talat Tahir Hamadali**
Department of Kurdish, College of Languages,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
talat.hamadali@su.edu.krd

**Shilan Nuri Jalil**
Department of Kurdish, College of Languages,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
shilan.noori75@gmail.com

**Abstract**
This research, entitled “External music in Bekhud's Kurdish poems” adopts a descriptive-analytical approach. In addition to the introduction, findings, and bibliography, the study is divided into two main parts. The first part focuses on the meter in Biykhud’s poetry and includes the following sections: Poetic Music, Types of Poetic Music, External Music, Meter in Kurdish Poetry, Local Meter, Arud Meter, and Meter in Biykhud’s Poems.
The second part examines the use of rhyme in Biykhud’s poetry, covering the following topics: Concepts and Terminology of Rhyme, Limits and Genres of Rhyme, Rhyme Sounds, Unified Rhyme, and Mathnawi Rhyme.
The study concludes with several key findings presented in bullet points, along with summaries in both Arabic and Englis
Keywords: Bekhud, Music, Outside Music, Rhythm, Rhyme, Flow, Post-Flow, Pre-Flow.